# رەوشی عاشق و شیعر و مەعشوق

## لای تاهیر بەگی جاف





ئەکرەمی میهرداد

خۆزگە ئەوەی لەناو دڵدایە لەسەر لێواینش بوایە، کە میهری شیعرە نەوتراو و نەنووسراوەکانە، بریا ئومێدو غەمی ڕۆژانی ئایندەمان دەزانی کە پرسە نەزانراوەکان دێنە دیدارمان، ئەو کاتەی ئازار و هیوا فێرمان دەکەن کە شیعر خەمێکی کاتیو خۆشییەکی کاتی ئاسوودەیی هێنەرە لە زەریای مەزنی ژیاندا، یان وەکو شاعیری گەورەی فارس ئەحمەدی شاملو بزانین کە «شیعر ئازادی و ڕزگارییە، ئەو گومانەیە کە سەرئەنجام دەگاتە کەناری دڵنیایی» (1) و هەر شیعریش فێرمان دەکات دیدارو ژوانی شەپۆل و کەناریش کورت خایانو ئاکامیان دابڕانە، چۆن بزانین و کێ دەتوانێ بڵێت کە ژیان شیعرە نەنوسراو و نەگوتراوەکانە، یان هەروەکو فروغی فەروخزاد دەڵێ» شیعر لە ڕەسەندا بەشێکە لە ژیانو هەرگیز ناتوانێ جودا لە ژیانو دەرەوەی بازنەی هەژموونی ئەو کاریگەرییانە بێت کە ژیانی مرۆڤ دیاری دەکەن» (2)

پەیوەندی نێوان لێکۆڵینەوە و شیعری تاهیربەگ لە ڕەوشێکی ئەویندارى یان عاشقانەدا دەژی، بەڵام ئەم پەیوەندییە ئەوینییە بە شێوە ئاساییو نەریتەکەی نییە، بەڵکو بە شێوە سۆفیزمەکەیە. تەسەوف دەزانێ کە دیدارو ژوانی عاشقو مەعشوق بەردەوام نییە، بەڵکو لە دابڕاندا هەمیشە چاوو دڵمان لە بیرو لە هەوڵی ژوانو دیداردایە، لەو ژوان و دیدارەشدا دیسان دابڕان دەچنینەوە یان دەبێتە چارەنووس. خۆشەویستی سۆفیانە لەبەرئەوەی بە چاوو مێشکی دڵخوازو کەماڵەوە لە ئەویندار دەڕوانێ بۆیە هەمیشە لەنێوان هیوای و ژوان ئاکامی دابڕاندا ژیان بەسەر دەبات. چونکە دڵدار سەرئەنجام بۆی دەردەکەوێت کە دڵبەر تەواوی ئەو هیواو خۆزگانەی تیا پەیدا نابێت کە ئەم لە خەیاڵ و وێنای خۆیدا ژیانی پێوە بەسەربردووە، بەڵام چار نییە یان جوانترین و قەشەنگترین هیواو ئامانجیش هەر هەوڵ و تێکۆشانە بۆ ژوانو بەیەك گەیشتنی دڵبەر. ژیانی ئەویندارى لە تەسەوف و شیعردا هەمیشە لەنێوان (وصل)و (فصل) دایەو لە هەموو فەسڵێکدا لەبیرو هیوای وەسڵدا ئەو ژیانە بەسەر دەچێت و لە هەموو وەسڵێکیشدا ئاکامی دابڕانو فەسڵ دەبێتە ئەنجام.

پەیوەندی نێوان لێکۆڵینەوەی (عاشق) لەگەڵ شیعری (مەعشوق) ژیان و پەیوندییەکی ئەویندارییە، بەشێوە سوریالی و سۆفیزمەکە، یان میتۆد و هیوای لێکۆڵینەوە بۆ ناسینی شیعرو خۆشویستی شیعر هەمیشە لە ژوان و دابڕاندایە. لێکۆڵینەوە بە چاوی دڵخوازو کەماڵەوە دەچێتە دیدارو ژوانی شیعر، شیعریش بە هونەرو عیشوە و جوانییەکانی هەمیشە لێکۆڵینەوە مەست دەکات.

***

ئەم پێشەکییە دەتوانێ ڕوانگە یان میتۆدی لێکۆڵینەوە بێت بۆ شیعری زۆربەی شاعیرانی کورد، بەڵام لە دیدارو حزوری شیعری تاهیر بەگی جافدا دەبێت پێوەر یان ڕوانگەیەکی دیکەی جوانناسیو ئەدەبی بۆ ناسینی شیعری ئەو بناسین کە ئەویش ئەوەیە: تاهیر بەگ وێرای جوانناسی و شیعرناسی لە دیدارو ژوانو وەسفی دڵبەرو هەر شتێکی دیکە کە شیعری بۆ نووسیوە، سەرەڕای شەیدایيو پایەندی خۆی بە یارو نیشتمان و هەر شتێکی دیکە بە شیعر نەخشاندونی، بەڵام ئەوەی لەبیر ناچێت کە خۆی شاعیرێکی هۆشیارو عاشقێکی زاناو مەردی مەیدانو دڵپەرێشانە. منیش بۆیە ناونیشانی باسەکەم کردووە بە ڕەوشی عاشقو شیعرو مەعشوق، بۆ ئەوەی ئەوە بەیان بکەم کە شیعر وێرای ئەوەی کایەی پەیوەندی

نێوان عاشـق و مەعشـوقە یـان هەروەکـو نۆڤالیـس دەڵـێ: (عیشـق خامۆشـە، تەنهـا شـیعر دەتوانـێ بیهێنێتـە دوانـدن»(3) ئـەوەش بڵێـم کـە تاهیربەگـی شـاعیر هەمیشـە لـە ڕەوشـی وتندایـەو هەسـت و بیـرو هونـەرو تواناکانـی خـۆی لـە بەرامبـەر مەعشـوق و هـەر شـتێکی تـردا بـەراورد دەکات و بەمـەش دەبێتـە یەکێـك لـەو شـاعیرانەی کـە راسـتەوخۆ لـە شـیعرەکانییەوە باشـتر دەیناسـین.

**فەلەك زانی کە دەشکێ ڕەونەقی بازاڕی مانگ و خۆر**
**شکاندی پەنجەکەم تا من نەنووسم وەسفی روخساری**

یـان لـە وەڵامـی مەحمـود پاشـای جافـی باوکیـدا کـە دەیەوێـت بیکاتـە حاکمـی شـارەزوور، بـەم شـێوەیە دەنووسـێ:

**من ڕەزا نابم بە نانی گەندومی ئادەم فەریب**
**تۆ ئومێدی کوورەخانەی نانەوا خانـــم ئەگەر**
**من لە شاهی خاوەن فێڵ و عــەلەم پەروام نیە**
**تۆ بەژێر دەستی پیادەو ئەسپەوە ماتم ئەکەی**
**یان لەبەرامبەر یارو وەسفی مەعشوقدا دەڵێ:**
**هەرکەسێ هات و بە تیری غەمزەکەت ســــەد پارە بوو**
**کەس نیە وەك من حەریفت، مەردی مەیدانم وەرە**
**دیدە مەستی شۆخ و شەنگی نازەنینەی شارەزوور**
**دڵ ڕفێنی جەمعی عالەم، کەبـــکی کوهانم وەرە**

## هەستی عاشقانە و کارکردنی زمان و شیعر

زمانناسـان بـۆ هەندێـك لـە کارکـردە هونەرییـەکان خۆیـان هـاوکاری لـە شـتێکی نادیـار وەردەگـرن کـە بـەو شـتە دەڵێـن هەسـتی زمانـی، لـەم هەستەشـداو بـۆ شێوەسـازکردنی ئاماژەکان، تەنهـا پێویسـتمان بەیـەك شـتی دیکـە هەیـە، کـە ئەویـش هەسـتی عاشـقانەیە، لـەم کاریگەرییـەی زمـانو شـیعر و شێوەسـازکردنی ئاماژەکانـی هەسـتی عاشـقانە گرنـگ لـەوەدا نییـە کـە دەرکەوتنـی تێکسـتی شـیعری لـە شـوێنێك پـڕ ڕەنـگو لـە شـوێنێکی تـر کەمڕەنـگ بێـت، زۆرجـار هەمـوو دێـڕەکان نانووسرێـن. هەندێـك لـە ئاماژەکان لەیـاد نامێنـن، سـەرئەنجام مـەرج نییـە کـە هەمـوو پایەکانـی تێکسـتی شـیعری و هەسـتی عاشـقانە لەگـەڵ کارکردنیـی زمـان و شـیعردا، بەتـەواوی یـەك بگرنـەوەو ئەمانیـش وەکـو عاشـقو مەعشـوق هەمیشـە لـە ژوان و دابـڕان، یـان لـە وەسـڵو فەسـڵدان.

**دەڵێی تۆراوە قیبلەی عاشـــــــــقانت**
**کە ئەمڕۆ کە چ بووە میحرابی ئەبرووت**
**وەکو مەرجانی ئاڵە ڕەنگی ئەشـــکم**
**لەناو روخساری لەعل و لێوی یاقووت**
**مەکە مەنعم لە شـــەهدی لێوی ئاڵت**
**دەزانی خۆ کە کەس ناژی بەبێ قووت**
**عەجەب ســــــیرڕێ لە ئەبرۆتا بەیانە**
**موخالیف پێکەوە هەم تاقو هەم جووت**
**وەرە (تاهیر) مەبەســـتە دڵ بە دونیا**
**بە زاهیر جوان و، باتین پیرو فەرتووت**

وێنـای خەیاڵـی بـۆ هەسـتی عاشـقانە دەتوانـێ چـی بـکاتو چـی بڵـێ، لەکاتێکـدا هەمـوو پەیـڤو شـیعرەکانی عاشـق لێوانلێـون یـان تەنـراون بـە هیـواو ئـارەزووی دیـدار، هەسـتی ناخۆشـی دابـڕان، تێکسـتی وێنایـی و دەربڕینـی ئـەو هەسـتانەیە کـە لەهەمـوو دیـاردەو یادەوەریـی شـتەکانی مەعشـوقەوە دەبنـە پەیـڤو شـیعر. شـاعیری عاشـق هەمـوو شـتەکانی مەعشـوقو یـادو خۆشـیو ناخۆشـییەکانی دەکاتـە شـیعرو زۆرجـار هەرچـی بـە زمانـدا بێـت دەینووسـێ. شـاعیری عاشـق کاری

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

بەوە نییە کە هەندێك پەیڤ و شیعری لە ئاستی شایستەیی ئەودا نییەو ئەو دەتوانێ لەوانەش جوانترو باشتر بنووسێ، بەڵکو هەندێك جار تەنها ئامانج و هیوای ئەوەیە کە بۆ یارو مەحبووب بنووسێو لەو جەنجاڵیو بێبەشیو هەستە شاراوانەی دەروونی رزگاری بێو بیانکاتە پەیڤی شیعری. یان مەبەستی ئەوەی نییە وەکو کەس و شاعیرێکی بە فەرهەنگ دەربکەوێ، یان لە ئاستی خۆی کەم نەکاتەوە، بەش نەخاتە شوێنی گشت، هەموو ئەوەی کە ئەو دەیزانێ یان دەیکاو بە مێشکیا تێدەپەڕێ لە هەندێك ساتدا ئەوەیە کە سەردەمێك پێیان وتوە عیشقی سەوداییو دێوانەیی، یان وڕێنەی عاشقانە.

**شەماڵ یار نەدیت، شەماڵ یار نەدیت؟**
**وەختێ تۆ ئاوای، دیدەی یار نەدیت؟**
**دڵدار دڵبەر، ستەمکار نەدیت؟**
**ئاهووی خوتەنی وەش رەفتار نەدیت؟**
**ئەو پەنجەی قرمز، حەنایی نەدیت؟**
**ئەو نووری دیدەی، بینایی نەدیت؟**
**لیمۆی نەورەسەی مەمانیش نەدیت؟**
**ئەبرۆی سەیف ئاسای کەمانیش نەدیت؟**
**شاباز مەریوان، هەڵۆ خۆ نەدیت؟**
**نازدار خێڵان، فیتنە جو نەدیت؟**



بەڵام زۆربەی جارەکان تاهیربەگ هەستو بیرو نەخشی خوێندەواری و زانایی و شارەزایی لە شیعرو خوێندەواریدا زاڵ دەبێ بەسەر هەستی عاشقانەو سەوداییو دێوانەیی عیشقداو وەکو کەسێکی بڕوا بە خۆو خاوەن کەسایەتی و شایستەی زۆربەی شتەکان دەردەکەوێتو لە زۆربەی شیعرەکانیشدا سەرەڕای

ئـەوەی دڵ پەرێشـانەو سـەوداو دێوانەیـە، بـەڵام هـەر خـۆی مـەردی مەیـدانو شـارەزاو زانـاو شـاعیرە. ئەمـەش رەنـگ بێـت یەکێـك بێـت لـە تایبەتمەنـدی و ناوازەیـی ئـەو لـە شـیعردا.

**سوتاو بریندارم و ســــــەودایی‌و مەستم**
**بەو پەرچەم و ئەگریجەو بەو چاوە خومارە**
**ئەو خاڵە لەسەر لێوتە جانا، چی یە فەرموو؟**
**جێی ماچی لەبی «تاهیرە» نیشـانەیی پارە.**
**گا دەگریەم کا دەسـووتێم کاروبارم زاریە**
**زێوەری تاجی غەریبم، شاهی خوبانم وەرە**
**«تاهیر» مەبە ئازوردە، زەمان عادەتی جەورە**
**دونیا کە هەموو رۆژێ ژنی بولهە وەسـێکە.**
**لە ئاهم گەر بسوتێ ئاسمان باوەڕ بکەن ئەمشەو**
**ئیتر یاران، چ باکێکم لە سەردیی فەسـڵی زستانە**

**حەقیقەتی عاشقی و شاعیری**

عاشـق لـە بیرکردنـەوەی عیشـقی خۆیـدا هـەر بەشـێك لـە پەیڤـی بـۆ «هەسـتی حەقیقـەت»ی زمـان دەگێڕێتـەوە، یـان بـاوەڕی وایـە ئـەو تەنهـا کەسـێکە کـە «حەقیقـەت» ی مەعشـوق دەبینـێ و تایبەتمەندیـی‌و ناوازەییەکانـی خۆیشـی بـە «حەقیقـەت» دەبینـێ کـە بـە داخەوە»مەعشـوق» یـان ئـەم پرسـە نازانـێ، یـان هـاوکار نییـە بـۆ زانینـی خـۆی‌و بەرجەسـتەکردنی لـە عاشـقدا.

لـە عیشـقدا کەسـی بەرامبـەر یـان مەعشـوق و بەردەنـگ (مخاگـب) دەبێتـە سـەرچاوەی بـوون‌و نەبـوون، زانیـن‌و نەزانیـن، یـان ژوان‌و دابـڕان. عاشـق هەمیشـە لـە پەیڤینـی ناوەکـیی‌و شـیعری تەنهایـی‌و ورتەورتـی گۆرانیـدا ئـەوە دەڵێـت » کە تەنها مـن یار(ئـەو) دەناسـم، تەنها منم کە بوونـی راسـتەقینەی ئـەو بەیـان دەکـەم یـان دەینەخشـێنم، هەرکاتێـك مـن نەبـم کـێ ئـەو دەناسـێ. یـان وەکـو گۆتـە لـە ئازارەکانـی ڤارتـەردا دەڵـێ» هەندێـك جـار مـن ناتوانـم ئـەو بناسـم یـان بەرجەسـتەی

**لـە زۆربـەی فەرهەنگەکانـی دنیـا قسـەیەکی نەریتـی هەیـە کـە دەڵێـن عیشـق کوێـرە. ئـەم پەنـدە ڕاسـت نیـە. عیشـق چـاوو دەروون‌و هەسـت و نەسـتی عاشـق دەکاتـەوەو رۆشـنبینی پـێ دەبەخشـێ. یـان هەرووەکـو فرۆیـد دەڵـێ « هـەر کەسـێك لـە عیشـقی خۆیـدا گومانـی هەبـێ، دەبـێ لەهەمـوو شـتە ئاسـایی‌و گرنگەکانـی دیکـەی ژیانیشـی گومانـی هەبـێ**

بکەم، باشە کەسێکی دیکە چۆن دەتوانێ، چۆن ئەوێرێ کە ئەوی خۆشبوێ، چونکە تەنها منم کە ئەوم سەرتاپا، دڵسۆزانە خۆشدەوێ، من تەنها ئەو دەناسم، جگە لەو هیچ لەم جیهانە هی من نیە!(4)

**دڵ نەخۆشی دەردی هیجرە، جانی جانانم وەرە**
**لەت لەتە جەرگ و هەناوم، ماهی تابانم وەرە**
**عیللەتی دەردو شەفاکەم وا بە لێوی شەککەرت**
**مایەیی ژینو حەیـــاتم، دەردو دەرمانم وەرە**
**رۆژی ئەوەڵ بوو کە زانیم من ئەبێ دێوانە بم**
**ئاشقی تۆ، نەوعی مەجنون، وا بە کێوو هەردەوە**
**من کە پشتوانی باڵاو بۆســـــــەچینی کوڵمەتم**
**چی دەکەم ئاخر لە سەیری باخو بەی، بەم دەردەوە**
**هەروەکو قەوس و قەزەح با دەستی لە گەردن دانیشین**
**تۆ بە سوخمەی ئاڵو سەوزو من بە ڕەنگی زەردەوە**
**ئیلتماسی «تاهیر»ی بێچارە قەد ســــــوودی نیە**
**تۆ کە دایم شەڕفرۆشـــــی بەو دڵەی وەك بەردەوە.**
**گوڵ ئەگەر هات، خۆی موقابیل کا بە تۆ، لێی ناگرم**
**هەرزە گۆیەو بێ وەفـــــــایە، دولبەری بازاریە**
**لێم گەڕێن تەنها نشینی کونجی غەم بم ئەی ڕەقیب**
**دەردەکەی من دەردی عەشقە و زۆر گرانو سارێیە**
**کە زولفی عاریزی پۆشی وتم یاڕەب چ ســـرێکە**
**لەلایێ زوڵمەتی کوفـــــرە، لەلایێ نووری ئیمانە**
**مەکەن تیماری زەخمی جەرگی «تاهیر» ئەی تەبیب ئاخر**
**بزانن با، لە حەشرا ئەو شـــــەهیدی تیری موژگانە**

لە زۆربەی فەرهەنگەکانی دنیا قسەیەکی نەریتی هەیە کە دەڵێن عیشق کوێرە. ئەم پەندە ڕاست نیە. عیشق چاوو دەروونو هەست و نەستی عاشق دەکاتەوەو ڕۆشنبینی پێ دەبەخشێ. یان هەروەکو فرۆید دەڵێ « هەر کەسێك لە عیشقی خۆیدا گومانی هەبێ، دەبێ لەهەموو شتە ئاسایی‌و گرنگەکانی دیکەی ژیانیشی گومانی هەبێ. عاشق لە ڕەوشی عاشق بووندا هەموو ئەو شتانەی کە دنیاو خەڵکی تر بەڕاستی و بابەتی دەیناسن، ئەم بە وەهمو خەیاڵی دەناسێ، و هەموو ئەو شتانەی کە دنیا و خەڵکی تر بە شێتی‌و خەیاڵو هەڵە دەیناسن، ئەو بە ڕاستی‌و حەقیقەت دەیناسێ. لە قووڵترین قوڵایی ئەم فریوە هەستی حەقیقەت بەند پەیدا دەبێ، خۆ فریودانی عاشق دەبێتە بەشێك لە حەقیقەتی پەیڤ و شیعرو هەستەکانی ئەو هەستانەش هەرگیز ناگۆڕێن و لەناو ناچنو هەر بە نەمری دەمێننەوە تەنانەت لە کاتی دابڕانو نەمانی عیشقیشدا، یان هەر لەو باوەڕەدا دەمێنێتەوە کە لە عیشقی سەودایی‌و دێوانەیشدا بەشێك لە حەقیقەتی واقعی هەر دەبێ‌و دەمێنێتەوە.



**قوربانی ڕوخت بم کە شکستی بەقەمەردا**
**حەیرانی لەبت بم کە ڕەواجی بە شەککەردا**

دوالیزمی نێوان حەقیقەتی ڕوخ و لەبی مەعشوق لەبەرامبەر وەهمو فریوی (شکستی بەقەمەردا) و (ڕەواجی بەشەککەردا)دا دەبێتە حەقیقەتی عاشقی‌و شاعیری و زۆربەی حکایەتی عیشقە مەزنەکان لە دەوری ئەم دوالیزمە دەست پێدەکات و هەرلەم ناکۆکیەشدا نامێنێ یان کۆتایی دێت.

**ناوازەیی مەعشوق و تواناکانی شاعیری عاشق**

عاشق بە پەیڕەوی‌و پشتیوانی لە لۆجیکێکی تایبەتی، ئەوی تر یان مەعشوق وەکو یەك «گشت» دەبینێ‌و لەهەمان کاتیشدا ئەم گشتە لە زیهنو پەیڤی ئەودا بەتەواوی بەیان ناکرێت. کامڵ

بوون یان «گشت»بوونی مەحبوب لەلای عاشق دەبێتە زەمینەو هۆکاری دەربڕین و نووسینی جوانناسانە. شاعیر کە ستایش و وەسفی مەعشوق دەکات لەبەرئەوەیە کە بڕوای وایە یار ناوازەو کامڵو گشتەو شانازیش بەوە دەکات کە ئەو وەسفی ئەو ناوازەییانە دەکات، یان خەیاڵی ئەوە دەکات کە بەرامبەر یان یار دەیەوێت شاعیر عاشقی ئەو بێت، نەك تەنها بە خاتری ئەم یان ئەو تایبەتمەندییە، بەڵکو لەبەر هەموو شتێك. من تۆم خۆشئەوێ، لەبەر ئەم یان ئەو شتە نیە، بەڵکو لەبەرئەوەیە تۆ هەموو شتێکی. دەربڕین و نووسینی ئەم هەستە دەبێتە کارو پیشەی بەردەوامی عاشق و لەوەش زیاتر ئەگەر عاشق شاعیر بێت، دەبێتە ئەوەی کە عاشق شاعیر وێرای باسو خواستی جوانی و باشی مەعشوق، بڕوای دێتە سەرئەوەی کە هیچ کەس وەکو ئەم لەم پرسەدا لەسەر هەقو شایستەو ناوازە نیە.

**بەسراوە بە زنجیری ئەلەم گەردنی شەوقم**
**مەشهورە لەناو ئەهلی جیهان، شۆری جنونم**
**دڵ مڵکی عەجەم، عەسکەری خەم، لەشکری سالار**
**وێرانی ئەکا ئاخری، بێ سوودە فسونم**
**نموونەی رووی تۆیە ماهی تابان**
**نەزیری موی تۆیە ڕەنگی قەتران**
**لەشەکرباری لێوت بێ نەسیب بووم**
**بەڵێ، هەر تەنگ ڕۆزین ئەهلی عیرفان**
**بە ماچێکی دەبەخشم گەر کەرەم کات**
**جەمیعی خەرج دەخڵی موڵکی بابان**
**بڕۆ و ڕوخسارو زەڵفو لێوی ئاڵت**
**شەوو ڕۆژو هیلالو عیقدو مەرجان**

**بە خەمزەی چاوی مەخموری سیاهی، مەستی مەی کردین**
**بە ماچی لێوی موستەغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین**
**بە هەوری پەرچەمو زوڵفی، روخو ئەبرۆی کە داپۆشی**
**لە شەوقی روئیەتی بەدرو هیلالی یەك شەوەی کردین**
**ئەگەرچی کوشتنی خۆ، قابیچ الارواحی موژگانی**
**بە قانونی مەسیحایی، بە خەندەی لێوی حەی کردین.**
**کەس نیە سابت قەدەم وەك من لە داوی عەشقدا**
**بۆ سوپاهی غەمزەکانت مەردی مەیدانم وەرە**
**گەر دەپرسی حاڵەتی من بۆ فیراقت پێت بڵێم؟**
**هەروەکو تاهیر هەمیشە دیدە گریانم وەرە**

لە ئەوین و شیعری شاعیری عاشقدا هیچ تایبەتمەندی و سیفەتێکی خۆی و مەحبوب زیادە نین، بەڵکو هەموو شتێك دەبێتە پەیقینی عشیق و فەزای شیعری. هەموو شتێك یان ڕووداوێك یان تایبەتمەندییەکی مەعشوق دەبێتە هۆکاری پابەندبوونی زیاتری شاعیری عاشق. ئەم ستایش و شانازییەی عاشق بۆ مەعشوق کە هەمیشە لە پەیقین و سروداندایە، جێگایەك یان نەخشێك بۆ مەحبوبیش دەنەخشێنێ، کە ئەویش ئەوەیە بیرو ئیشتیاقی تایبەتی ئەو ( بەهەر جۆرێك بێت) دەبێتە بەشێك لە دەقی شیعری و پەیقینی عاشقانە.

**دڵبەری قەد عەرعەرەی بێ رەحمەکەی بەدبەختەکەم**
**دڵ رفێنەی شۆخەکەی بێ عەهدو پەیمانم وەرە**
**نازەنینەی سوخمە ئاڵەی دیدە مەستەی کە چ کولا**
**گوڵعوزارەی شۆخو شەنگەی، شاهی خوبانم وەرە**

لە شیعری تاهیر بەگدا هەموو تایبەتمەندی و رەهەندو ڕووداوێکی خۆی، یان هەر دیدگاو ڕوانینێکی خۆی و هەستو بیری بەرامبەر

بە مەحبوب دەبێتە شیعرو سوتانو دڵسۆزیو اشتیاقو دەربەدەریو هەموو شتێك لەگەڵ زانایيو شاعیریو مەردیو ئامادەیی لەناو شیعری ئەودا شەپۆل ئەدەنو بەمەش تاهیربەگ توانیویەتی دوالیزمێك لە رەهەندو تایبەتمەندیی خۆیو مەحبوب بکاتە ئەو شیعرە جوانانەی کە کورد پێی شادو خەنی بووە.

**خانە وێرانم لە دووریت، رەهزەنی ئیمانو دڵ**
**زینەتی بەزمو سـرورم، شەمعی دیوانم وەرە**
**چونکە سایەی چەتری زوڵفت دوور لە فەرقی فەرقمە**
**سینە پڕ خوێنو زوخاوم، دڵ پەرێشـانم وەرە**
**گەر دەزانی چەند پەشێوە حاڵەکەم بۆ دیدەنت**
**سەد ئەوەندەی زوڵفەکانت دڵ پەرێشانم وەرە**
**لوتفو تانەی تۆ لەلای من هەردوو یەك رەحمەتە**
**کەعبە کە چ نابێ، لەبەر لۆمەی رەقیبانـم وەرە**
**سورەتی باڵات بە دایم نەفشـی قەلبی زارمە**
**هەروەکو مەجنون لە ئەشقت دیدە گریانم وەرە**

شاعیرو عاشق لە خەڵوەتی نووسینو یادەوەری خۆیدا هەمیشە لە رەوشی چالاکیو وزەدایە، هەر کارێك بیکات بەشێکە لە بوونو مانای عیشق، هەر بۆیەش بەرگەی ئەم هەموو ئاهو ناڵینە دەگرێتو ژیانیشی پڕە لە داهێنانو جوانکاری. تەنانەت غەم و شکست و دابڕانیش دەکاتە بەشێك لە داهێنانو جوانکاری شیعری و پەیڤینی عیشقی. گلەییو شانازی و غەمگینیو خۆشیو هەموو ژیانی رۆژانەش دەبێتە یان دەیکاتە شیعرو ئەوینو داهێنان. لەم پرسەدا شاعیری عاشق پەیڕەوی لە دوو مەنتقی خۆی دەکات کە بێگومان ئەم دوو لۆجیکە دەبنە روانگەو بیرکردنەوەی گشتی ئەو بۆ هەموو شتێك نەك تەنها بۆ شیعرو عیشق.



دەزانی بۆچی مەسرورم، ئیشارەی کردمێ دولبەر
وتی حازر بە بۆ کوشــتن بەیانی جەژنی قوربانە
بۆ باری خەمت گەر بەدەنم سستە مەڕەنجە
پێکراوی موژەی تۆیە نە کوژراوی تفەنــگە
زەمانە بەزمی رەندانە بدە ساقی بە پەیــــــمانە
لەبەر تەعزیمی مەیخانە بڵێن پیری موغان بابێ
ئەلا ئەی ئاشقی مەدهۆش وەکو «تاهیر» مەبە خامۆش
لەبەر سۆزی دڵی پڕ جۆش، نەوایی موتریبان بــابێ
شەوم وەك رۆژی روناکە لە شوعلەی روومەتی ئاڵت
بەڵێ یەکبارە با ون بێ، لە ماهی ئاســــــمانم چی
بە نەیرەنگی فەلــەك جاناڵەدڵما دەرنەچوو میهرت
کە من یەك رەنگو یەك نەوعم لە تەبدیلی زەمانم چی
بە من قەت نادرێ تەفسیری ئایاتی سەری کوڵمت
گرانە «تاهیرا» بۆ من لە تەعــــــریفو بەیانم چی
من بەسەد میننەت لە نەحلی لێوی خۆم ئەخۆم
تۆ بە شاگردی دوکانی مەرووقەو نانم ئــــەکەی
من بە تەختی خوسرەو جامی جیهانی تێ ئەگەم
تۆ بە مەئمورو ئیعانەی دۆمو خەڕاتم ئەکەی(5)

سەرچاوەکان:

-1صــدای شــعر امــروز، گزینــش، احمــد منگقــی و بهمــن مەابــادی، انتشــارات تــلاش، چــاپ هفتــم، 1378، ل14.
-2ه.س.پ، ل 16.
-3رولان بــارت، ســخن عاشــق، ترجمــەی پیــام یزدانجــو، نشــر مرکــز چــاپ اول 1383، ل 105.
-4ه.س.پ.ل 301
-5دیوانــی تاهیــر بەگــی جــاف کۆکردنــەوەو ئامادەکردنــی حەســەن گــۆران، چاپــی دووەم، دەزگای رۆشــنبیری گــۆران 2711. هەمــوو شــیعرەکانی تاهیربــەگ لــەم لێکۆڵینەوەیــەدا لــەم ســەرچاوەیە وەرگیــراون.